# ئەمرۆ دیاردەیەك هەیە پێی دەڵێن "زەكەریا"،،،،،

**فینوس فایق لە هۆڵەنداوە**

هەر لە دێر زەمانەوە مرۆڤـ پەی بەبەهرەی گۆرانی چڕین بردووە و كردوویەتیە هۆیەك بۆ دەربڕینی هەست و نەستی ناخی ئەو مرۆڤە بە خۆش و ناخۆشیەوە، بە شیعر و مۆشیقا و بە دەنگی خۆش و بەجۆش، هەر بۆ ئەو مەبەستەش گەلێ ئامێری مۆسیقای جۆراو جۆری بە درێژایی مێژوو داهێناوە، هەر بەو شێوەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وای لێهاتووە گۆرانی چڕین و مۆسیقا ژەنین مۆركی میللەتە جیاجیاكانی ئەم زەمینەیان هەڵگرتووە، وەك ناسنامەیەك میللەتان بە مۆسیقاكەیاندا جیادەكرێنەوە و پۆلین دەكرێن، لەناو هەر میللەتێكیشدا هەر گروپ و كۆمەڵە بە شێوازی جیا،

میللەتی كورد یەكێكە لەو میللەتانەی سەر ڕووی زەمین كە بەمۆسیقایەكی بە جۆش و ڕەسەن دەناسرێت، هەر لەو باوەڕەدام لە دووررا كە گوێمان لە پارچە مۆسیقایەكی كوردی بێت ڕاست دەیناسینەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەو مۆسیقایە گەلێ شێواندن و كاری ناهەمواری دوژمنانەی بە خۆیەوە بینیوە كە دوژمنانی داگیركەری خاكی كوردستان لە میانەی پرۆسەی لەناوبردنی ناسنامە و بوونی میللەتی كورددا پەیڕەویان كردووە، مۆسیقا و مۆركی هونەری كوردی هەمیشە جێی هەڕەشە و مەترسی شێواندن بووە، بۆ نمونە كۆڵكە هونەرمەندی كورد لە كاتی دەسەڵاتی ڕژێمی داگیركەری بەغدا دەهێنرانە پێشێ بە ناوی هەنەرمەندی كوردیە وە بە مەبەستی زڕاندنی ناوی هونەری كوردی كاتێك دەهاتن هونەرێكی ناساز و نەشازیان پێشكەش، هەر كوژانەوەیان و لێكەوتنیان لە كاتێكی زوودا ئەو ڕاستیەی دەسەلماند كە هونەری ڕەسەن بە هیچ هێز و توانایەك لەناو ناچێت و ناشێوێت،،

بەهەر حاڵ ئەمڕۆكە كوردستان بە قۆناغێكی پرشنگداری هونەری كوردیدا تێدەپەڕێت و جێی دڵخۆشیە ژمارەیەكی باش لە هونەرمەندانی تازە هەڵكەوتوو مۆرك و ناوی ئەو هونەرەیان هەڵگرتووە و پاراستووە، ئەو هونەرمەندانەش دابەش بوون بەسەر ناوەوە و دەرەوەی كوردستاندا، هەرلێرەشدا پێویستە بڵێم ئەو پەیامە هونەریەی هونەرمەندێكی كورد لە دەرەوەی كوردستان هەڵی دەگرێت گەلێ قورس و گرانترە لەو پەیامەی هونەرمەندێكی كورد لە ناوەوەی كوردستان هەڵی دەگرێت، چونكە بینەر و گوێگری ناوەوە ئارەزووی كەم تازۆر زانراوە، بەڵام جەماوەری دەرەوەی پەروەردەی نێوان دوو كلتوور و لەوەش گرنگتر ئەوەیە كلتووره بیانیەكە زاڵە بەسەر هەست و نەستیدا، هەروا ئاسان نیە هونەرمەند ڕازی بكات بە هونەرێكی كرچ و كاڵ یان بە هونەرێكی كلاسیكی سواو،، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشدا هاوسەنگی دروست كردن لە لایەن هونەرمەندەكانەوە لە نێوان ویست و مەیلی بیسەر یان بینەری ئەمڕۆ و شاڵاوی گۆرانی "ڕیتم خێرا" لە سەر ڕیتم و ئاوازی رۆژئاوایی لە لایەك، و ویستی ڕاستەقینە بۆ پاراستنی مۆركی ڕەسەنی نەتەوەیی بە هونەری گۆرانی كوردیەوە لە لایەكی تر، ئەمە جۆرێك لە ئاڵۆزی دروست كردووە، دەكرێت ئەوەش جۆرێك بێت لە باوی سەردەم واتا هەر سەردەمە و قاڵبێك بە خۆیەوە دەگرێت، چونكە بە هەموو پێوانەكان گوێگر و بینەری دەرەوە و ناوەوە كوردن و جیاوازییەكی زۆر نیە لە ویست و ئارەزووەكانیاندا، بوڵام ڕاستیەك هەیە ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆ نەوەیەك دروست بووە پەروەردەی دەستی تەكنەلۆژیا و دونیای ئینتەرنێت و مانگەدەستكردەكانە، هەموو سنوورەكانی بەزاندووە بە جۆرێك هەمیشە هەر كارێكی هونەری دەبینن یان دەبیسن بەراوردی دەكەن بە هونەری غەیرە كوردی چونكە ئەوان بە ئاسانی و بە قووڵی زانیاریان لە هەموو ئەو بارانەوە دەست دەكەوێت، جاران ئەو بەراوردە وا بە ئاسانی نەدەتونرا بكرێت، ئەگەر بشكرایە لەگەڵ كێ بكرایە، لەبەر هۆی دواكەوتوویی و نەبوونی هۆكانی پەیوەندی كردن بە دونیا و پێشكوتنەكانی دەرەوە لە لایەك و داخراوی كوردستان و دابڕینی لە دونیای دەرەوە بە دەستی دوژمنانمان لەلایەكی تر نەدەتوانرا ئەو جۆرە بەراوردە بكرێت،،

بمانەوێت و نەمانەوێت ئەمڕۆ دیاردەیەك هەیە ناوی من دەنێم)**دیاردەی گۆرانیەكانی زەكەریا)**، زەكەریا بە دەنگێكی گەلێ خۆش و ناسك و بە سەر و سیمایەكی سەردەمی و پەسەندەوە خۆی كردووە بە دڵی هەموو عاشقانیدا، ئەو دەزانێت وشە هەڵبژێرێت، دەزانێت دەست بخاتە سەر بەناوبانگترین ئاوازی توركی و بیانی و سوودی لێوەرگرێت، جگەلەوەی مۆسیقاژەنەكانی هەریەك لە وڵاتێكی جیا لە دونیاوە هێناونی، ئەمە جگەلەوەی لە بەناوبانگترین دەزگای چابكردنی گۆرانی و بڵاوكردنەو گۆرانیەكانی چاپ دەكات ئەو زیرەكانە ویست و ئارەزووی عاشقانی خۆی ڕازی كردووە، و هەروەها بە بەكارهێنانی تازەترین تەكنەلۆژیا لە گۆرانیەكانیدا، تەنانەت گۆڕانكاری هێناوە بەسەر شێوازی وەستان و جووڵەی گۆرانی بێژدا لەسەر شانۆ و لە دەرەوەی ستۆدیۆ بە جۆرێك هیچ بەربەست و مەودایەكی

نەهێشتوّتەوە بوّ ئەوەی بچێتە دڵی جەماوەرەکەیەوە، تەنانەت هەموو سنورە کلاسیکیەکانی نەهێشتووە و لە قاڵبە باوەکە دەرچووە کە چاو لێی تێربووە،

ئەوەی وای لێکردم ئەو دێڕانە بنووسم بوّنەیك بوو بەم دواییە ئامادەی بووم زەرکەریا گوّرانی تیا دەچڕی، کە بانگهێشتنامەکەم بەدەست گەیشت وەك هەموو جارێکی تر بڕیارم دا نەچم، لەبەر چەند هوّیەك،، بانگهێشنامەکە بە وێنەیەکی گەلێ قەشەنگی ئەو هونەرمەندە لاوە ڕازێنرابوّوە، لە دەقی بانگهێشتەکەدا هاتبوو)ئاهەنگی ئازادی کوردستان و یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبەشداری ئەستێرە گەشەی گوّرانی نویّ زەکەریا ساز دەکرێت،،،) جگە لە وێنەیەکی قەبارە گەورەی ئەو)ئەستێرەیە) لە ناوەڕاستی بانگهێشنامەکەدا دانرابوو، ڕوّژی پێش ئاهەنگەکە هەندێ هاوڕێ پەیوەندیان پێوە کردم ئەوەی تێگەیشتم هەرچی دەیناسم دەچێت بوّ گویّ گرتن لە دەنگی زەکەریا، ئیدی منیش بڕیارم گوّڕی و چووم،،، ئەوەی بانگهێشتنامەکەی بخوێنبایەوە بوّیەك چرکە شکی نەدەکرد لەوەی ئاهەنگەکە سێبەشی زەکەریا دەیڕازێنێتەوە،،، کەچی ئەوەی ڕوویدا بە پێچەوانەی هەموو ئەوەوە بوو کە چاوەڕوان دەکرا،،،

من لەو باوەڕەدام زیاد لە سیّ بەشی ئەوەی ئامادەی ئەو بوّنەیە بوو ئەو ئێوارەیە تەنها و تەنها بوّ بینین و گویّ گرتن بوو لە زەکەریا، دەنا بە چی لێك دەدرێتەوە کوّمەڵ بوونی هەرهەموو ئامادەبوان لە بەردەم شانوّکەدا بوّ پێشوازی کردن لە هونەرمەندی خوّشەویستیان، هەرهەموو کەوتبوونە پاڵەپەستوّ تەنها بوّ ئەوەی دەستیان بەر دەستی بکەوێت، هەرهەموو هاواری دەکرد وێنەیەکی لەگەڵ بگرێت، ئەمە لە هیچ کاتێکدا لە تەمەنی هونەری کوردی بەو شێوەیە ڕووی نەداوە، هەر هەموو وێنەی)زەکەریای ئەستێرە)یان بەرز کردبوّوە و پاشان دەیان دایە دەست گاردەکانی بیدەن بە زەکەریا بوّیان ئیمزا بکات لەسەر دەستووری هونەرمەندە ڕوّژئاواییەکان، بەڵام ئەوەی بە قووڵی ئازاری دام ئەوە بوو ئەو هەموو خوّشەویستی و شەیدابوونە، ئەو هەموو هاوار و بە پێوە وەستانە لەبەردەم هونەرمەندی ئەستێرەدا، ئەو هەموو پاڵنان و هاوار کردن و دەست ڕاکێشانە، ئەوانە هەر هەمووی تەنها و تەنها یەك سەعات و چارەکێك گوّرانی هێنا لای زەکەریای ئەستێرەگەشەی ئاسمانی گوّرانی کوردی، تەنها چوار گوّرانی هێنا، ئەمە جگە لەو هەموو وتار و شیعرەی بەسەریدا هەڵدرا لە پێشەکی ئاهەنگەکەدا پێش ئەوەی بێتە سەر شانوّ و لە)کون فەیەکوونێکدا) دیار نەمێنێت کاتێکمان زانی مایکی دانا و ڕایکرد، گویّم لە خەڵکی بوو دەیان وت "خوّ ئێمە خوّشمان دەوێت ئەگەر زیاتر بمایەتەوە زیاتر شاد دەبووین ئێمە بوّلای ئەو هاتبووین"،، بەلای منەوە سەرکەوتوویی هونەرمەند بەندە بە جەماوەرەکەیەوە و نرخاندنی ئەو جەماوەرەش لای هونەرمەند گەلێ گرانە، ئەو جەماوەرە جوان و شەیدایەی ئەو شەوە تووشی بیّ هیوایی بوون لەوەی بوّی هاتبوون، خوّشەویستیەکەی ئەوان بوّ زەکەریا گەلێ لە نرخاندنی زەکەریا بوّ جەماوەرەکەی گەورەتر بوو،، کورد گوتەنی چەپڵە بە یەك دەست لێ نادرێت، هەڵبەتە پڕوّسەی پێشکەش کردنی هونەر و بەناوبانگ بوون پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنی جەماوەرەوە، جەماوەریش ئەمڕوّ زەکەریای زوّر لە پێشەوە و لە ئاستێکی بەرزدا داناوە، دواجاریش گەیشتن بە ناوداری گرانە لەوەش گرانتر پارێزگاری کردنی ئەو ناوداری و ئاستە بەرزەیە لە ڕێی پارێزگاری کردنی خوّشەویستی جەماوەرەوە،،،

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆچونی خاوەنەکەیەنی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.